# پێشکەشکردنی بابەت/نووسراوە پێشنیارییەکان بۆ کۆمسیۆن

داوات لێدەکرێت تا بابەتێک/نووسراوێک بنێریت. ئەم کۆمسیۆنە پێشوازی دەکات لە بەشداری هەموو خەڵکانی ناو کۆمەڵگا دەربارەی ئەزموون و چاودێری، و بیرۆکەکانیان سەبارەت بە بابەتی دەستتێوەردانی دەرەکی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی فیدراڵ و دامەزراوە دیموکراتیەکانی کەنەدا (لە چوارچێوەی ئەرکی کۆمسیۆن، "دامەزراوە دیموکراتیەکان" ئاماژە بۆ پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکار(حکومەت) دەکات). لە خوارەوە ڕێنماییەکان بۆ پێشکەشکردنی بابەت/نووسراوەکەت دەدۆزیتەوە.

بەشێکی گرنگ لە ئەرکی کۆمسیۆن بریتیە لە پشکنین و ڕاپۆرتکردنی ئەزموونی خەڵکانی کۆمەڵگەی ئێتنیکی و کەلتوریەکان کەوا ڕەنگە بە تایبەتی بکەوێتە ژێر کاریگەری دەستتێوەردانی دەرەکی. ئەندامانی کۆمەڵگەکانی دیاسپۆرا هان دەدرێن لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەت/نووسراو بەشداری لە کۆمسیۆن بکەن.

کۆمسیۆن گشت ئەو بابەت/نووسراوە پێشکەشکراوانە تا ٣١ ـی تەموزی ٢٠٢٤ وەدەگیرێن، دەخوێنێتەوە و بە وردی لێیان دەکۆڵێتەوە.

## ڕێنماییەکان بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بابەت/نووسراوەکەت بۆ کۆمسیۆن

داوات لێدەکەین بە زووترین کات بابەت/نووسراوەکەت پێکشەش بکەیت. زانیاری زیاتر دەربارەی کاتی ناردنی بابەت/نووسراوەکەت لە ژێر سەردێری "ڕێکەوتە گرنگەکان" لە خوارەوە دیاریکراوە.

کۆمسیۆن گشت ئەو بابەت/نووسراوە پێشکەشکراوانە تا ٣١ ـی تەموزی ٢٠٢٤ وەدەگیرێن، دەخوێنێتەوە و بە وردی لێیان دەکۆڵێتەوە. بابەت/نووسراوەکەت ڕەنگە لە لایەن کۆمسیۆن ئاماژەی پێ بکرێت یان بوترێتەوە، جا بە شێوەی ڕاپۆرتی نووسراو یان لە ماوەی کۆبوونە گشتیەکانی کۆمسیۆندا. تا ئەو کاتەی بە نووسراوە مۆڵەتمان پێنەدەیت کۆمسیۆن هیچ زانیاریەکی ناسێنەر دەربارەی تۆ بڵاو ناکەتەوە، وەک ناو، یان ناونیشانی ئیمەیڵت. ئەگەر ناتەوێت بابەت/نووسراوەکەت ئاماژەی پێ بکرێت یان باسی لێبکرێت، بە ڕوونی بابەت/نووسراوەکەت وەک "نهێنی" نیشانە بکە.

لەکاتی ئامادەکردنی بابەت/نووسراوەکەت، داوات لێدەکرێت ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکەیت:

- وورد بە و، ئەگەر پێویست بکات، دەربارەی فاکتەکانی پەیوەندیدار بە ئەزموونەکانت وورد بە؛
- جەخت بکە سەر شتە گرنگەکان کەوا دەتەوێت کۆمسیۆن بیزانێت؛ و
- بابەت/نووسراوەکەت کورت و جەختکردوو بێت.-

تۆ دەتوانیت بابەت/نووسراوەکەت بەو زمانەکەی دەتەوێت پێشکەش بکەیت. ئەگەر بابەت/نووسراوەکەت بە زمانێک بێت جگە لە زمانی فەرەنسی یان ئینگلیزی، تکایە زمانی بەکارهاتوو لە سەرەتای بابەت/نووسراوەکەت دیاری بکە.

ڕەنگە ئەم پرسیارانەی خوارەوە بۆ ئامادەکردنی بابەت/نووسراوەکەت سوودبەخش بن:

- **تۆ کێیت؟** زانیارییە سوودبەخشەکان وەک تەمەنت، پیشەت (ئەگەر هەتبێت)، و هەر پەیوەندی یان هاوکارییەکی کە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیاسپۆرا هەتە.
- **چۆن لە هەڵبژاردنە فیدراڵیەکانی کەنەدا یان پرۆسە دیموکراتیەکاندا بەشداریت هەبووە؟** زانیاری سوودبەخش بریتییە لە هەرجۆرە ئەندامیەتێک یان پەیوەندێکی سیاسی تۆ، و هەرجۆرە بەشداریەک کەوا ڕەنگە لە پرۆسە ناوخۆییەکانی پارتەکەدا هەتە وەک پرۆسەی پاڵاوتنی کاندید، لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی فیدراڵی، یان پرۆسە دیموکراتیە فیدراڵیەکان بە گشتی (بۆ نموونە، کاری خۆبەخشانە بۆ کاندیدێک، بەشداری لە هەڵمەتێکی هەڵبژاردن، لۆبیکردن، بەخشین یان دەنگدان).
- **سەبارەت بە دەستتێوەردانی دەرەکی لە هەڵبژاردنە فیدراڵیەکان یان پرۆسە دیموکراتیەکان چی دەزانیت؟** زانیاری سوودبەخش بریتییە لە ئاگاداری تۆ لە دەستتێوەردانی دەرەکی، چۆنیەتی ئاگاداری تۆ لە دەستتێوەردانی دەرەکی، و ئەوەیکە ئایا خۆت بە ئامانج گیراویت لە هەوڵەکانی کاراکتەرە بیانیەکان بۆ دەستتێوەردان لە هەڵبژاردنە فیدراڵیەکان یان پرۆسە دیموکراتیەکانی کەنەدا یان خود نا.
- **چۆن کەوتوویتە ژێرکاریگەری دەستتێوەردانی دەرەکی لە هەڵبژاردنەکانی فیدراڵیی کەنەدا یان پرۆسە دیموکراتیەکان ؟** زانیاری سوودبەخش بریتییە لە بوونی هەر کاریگەریەییەک لە سەر تەندروستیت، پەیوەندییت یان ژیانی کاریت یان هەر کاریگەرییەکی دیکە کەوا تووشی بوویت، لەگەڵ زانیاری پەیوەندیدار دەربارەی هەرجۆرە مامەڵەیەکی کەوا هەتبووە لەگەڵ

دەسەڵات و سەرچاوەکانی وەکوو دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا یان فەرمانگە حکومییەکان، خزمەتگوزارییەکان، یان دەزگا پەیوەندیدارەکان بە دەستێوەردانە دەرەکیەکان.

- **چۆن وەڵامی دەستێوەردانی دەرەکی داوەتەوە یان کاردانەوەت چی بووە؟** زانیاری سوودبەخش بریتییە لە هەر مامەڵەیەک کەوا لەگەڵ دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا یان فەرمانگە حکومیەکان، خزمەتگوزاریەکان، دەزگاکان، یان ڕێکخراوە فیدراڵیە سەربەخۆ پەیوەندیدارەکان بە دەستێوەردانی دەرەکی هەتبووە. ئەگەر بۆ کاردانەوەت لە ئاست دەستێوەردانی دەرەکی داوای هاوکارییت لە دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا، فەرمانگە حکومیەکان، خزمەتگوزاریەکان، دەزگاکان یان ڕێکخراوە فیدراڵیە سەربەخۆکان کردووە یان یارمەتیت وەرگرتووە ، کۆمسیۆن حەز دەکات بزانێت کە هاوکاریەکە چەندە کاریگەر بووە، و حەز دەکات ئەوە ببیستێت کە چی دیکە دەیتوانی یارمەتیت بدات.
- **ئایا چی تر هەیە کە دەتەوێت کۆمسیۆن بزانێت یان ڕەچاوی بکات؟** زانیاری سوودبەخش بریتییە لە هەر پێشنیار یان ڕاسپاردەیەکی پەیوەست بە پێزانین، یان بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی دەرەکی و پاراستن یان پشتگیریکردن لەو کەسانەی ڕەنگە لە ئاست دەستێوەردانی دەرەکی زیانیان پێبگات.

## ناردنی بابەت/نووسراوەکەت بۆ کۆمسیۆن

هەروەک لە خوارەوە باسی لێکراوە، دەتوانیت لە ڕێگەی ئیمەیل، پۆست، یان لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی نامەناردنی ڕەمزێنراوی Signal، بابەت/نووسراوەکەت بۆ کۆمسیۆن بنێریت. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە دەربارەی پێشکەشکردنی بابەت/نووسراوەکەت ، یان ئەگەر لەبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون ناتوانێت بابەت/نووسراوێک پێشکەش بکەیت، تکایە لە ڕێگەی ناونیشانی ئیمەیلی consultation@pifi-epie.gc.ca پەیوەندی بە کۆمسیۆنەوە بکە و ژمارە تەلەفۆنێک پێشکەش بکە کەوا تیمی کۆمسیۆن بتوانێت بۆ پەیوەندیکردن و بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ تۆ بەکاری بهێنێت.

### ئیمەیل

دەتوانیت بابەت/نووسراوەکەت بە ئیمەیل بۆ کۆمسیۆن بنێریت لە ڕێگەی ئەم ناونیشانی ئیمەیڵەی خوارەوە:

consultation@pifi-epie.gc.ca

### Signal

ئەگەر زیاتر هەست بە ئاسودەیی دەکەیت کەوا زانیاریەکەت بە شێوەی ڕەمزێنراو پێشکەشی کۆمسیۆن بکەیت، دەتوانیت لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی ماسنجەری Signal ئەمە ئەنجام بدەیت.- ناوی بەکارهێنەری Signal ـی کۆمسیۆن بریتیە لە:
signal_pifi_epie20.24

### پۆست

دەتوانیت بە پۆست بابەت/نووسراوەکەتمان بۆ بنێریت لە ڕێگەی ناونیشانی خوارەوە:

Public Inquiry into Foreign Interference<br>
Sparks St 90<br>
Basement - 04<br>
Ottawa, ON  K1A 0H9

## ڕێکەوتە گرنگەکان

کۆمسیۆن لە پایزی ٢٠٢٤ دانیشتنی گشتی ئەنجام دەدات، بەلەخۆگرتنی دانیشتنەکانی گوێگرتن بە مەبەستی یارمەتیدانی کۆمسیار (لایەنی دەسەڵاتدار) لە پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی فیدراڵی. بەگوێرەی کاتی بەرێوەچوونی ئەم دانیشتنانە، هەر جۆرە بابەت/نووسراوەیەک پێویستە بەر لە **٣١ ی تەمموزی ٢٠٢٤** پێشکەش بکرێت.